# حوكمی كڕینی كارتەكانی داشكاندن

[ kurdish – كوردی – كردي ]

دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم شراء بطاقات التخفيض

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی كرِینی كارتەكانی داشكاندن

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس كراوە :

**پرسیار :** ئایا حوكمی ئەو كارت ( بطاقة )ــانە چیە كە هەندێك لە بازاڕ و محلەكان لە وولاتانی ئەوروپا دەیفرۆشن و پێی دەوترێت (Discount Card) واتا : كارتی داشكاندن، ئەو بازاڕانە ئەو كارتەت پێ دەفرۆشێت بە (١٠٠) یۆرۆ، بۆ ئەوەی هەرجارێك لەو بازاڕە یان لەو محەلانە كەلوپەلت كڕی داشكانێكت بۆ دەكات لەو نرخەی كە بە كاڵاكەوەیە، ئەمەش لە پێناو ئەوەی كڕیاری زیاتر بۆ خۆی مسۆگەر بكات لەنێوان بازاڕەكانی تردا ؟ خوای گەورە پاداشتان بداتەوە .

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەو كارت و بطاقانەی كە بازاڕ و مۆڵ و محلەكان دەیدەن بە موشتەریەكانیان چەند جۆرێكە لەوانەش :

جۆری یەکەم : ئەگەر هاتوو ئەو بازاڕ و موڵ و محەلانەی ئەو کارتانە بە بی بەرامبەر و بەخۆڕایی بدەن بە موشتەریەکانیان، بۆ ئەوەی ناویان بچێتە ناو کێ بڕکێی ئەو کەسانەی کە خەڵاتیان پێ دەدرێت یان بۆ ئەوەی هەرکاتێك ئەو بڕە خاڵەی کە ئەو بازاڕانە دیاریان کردووە کڕیار کۆی کردەوە ئەوا داشکانی بۆ دەکەن لە نرخی کاڵاکانیاندا، ئەوا لەڕووی شەرعەوە دروستە و هیچ جۆرە حەرامیەکی تێدا نابینرێت، چونکە پێدانی ئەم جۆرە کارتانە لە حاڵەتی بە خۆڕایی پێدانی بە موشتەرەیەکان دەچێتە چوار چێوەی بەڵێن دان بە کەسێك کە دیاریەك یان کارێکی خێری بۆ بکەیت، یان یارمەتیەکی پێشکەش بکەیت، بەڵام بەمەرجێك ئەو کاڵایانە لە نرخی ئاسایی بازاڕ زیاتر نەبێت، تاوەکو نەچێتە چوار چێوەی فڕوفێڵ کردن لە کڕیارەکانەوە .

جۆری دووەم : ئەگەر هاتوو ئەو کارت و بطاقانە بە مەبلەغێك فرۆشرا بە کڕیار و موشتەریەکانیان، یان بە ئیشتراکی ساڵانە دەدرا بە کڕیارەکان، بە شێوەیەك زیاتر بوو لەو نرخی تێچوونی نووسین و چاپکردنی ئەو کارتانە کە پێی دەوترێت ( التكلفة الفعلية ) ئەوا بێگومان کڕینی ئەو جۆرە کارتانە حەرامە و دەچێتە چوار چێوەی قومارەوە، لە بەر ئەوەی خاوەنی ئەو بازاڕ و مۆڵانە بە فرۆشتنی ئەو کارتانە قازانجێکی باش دەکەن، ئەمە لەکاتێکدا کڕیار دەچێتە مامەڵەیەکی خۆی و بەختیەوە نازانێت ئایا ئەو بڕە خاڵانە کۆ دەکاتەوە کە ئەو بازاڕانە دایانناوە بۆ

بەدەستهێنانی داشکاندنەکە، یان بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتەکان، یان کۆی دەکاتەوە یان ناتوانێت کۆی بکاتەوە، لەکاتێکدا ئەگەر داشکانەکەشیان بۆ کرا کڕیار و موشتەریەکان نازانن لە بەرامبەر ئەو بڕە پارەیەی داویانە لە کڕینی ئەو کارتەدا چەندێك داشکانیان بۆ دەکەن، چونکە بڕی داشکانەکە لە لایەن ئەو بازاڕ و مۆڵانەوە دیار نییە، پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) قەدەغەی کردووە لە مامەڵە و کڕین وفرۆشتنێك کە نادیاری تێدا بێت، وەك هاتوو : « نهى رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) عن الغرر" لە لایەکی ترەوە ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەو قومارەیە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام قەدەغەی کردووە.

جۆری سێهەم : ئەگەر هاتوو ئەو کارت وبطاقانە بە نرخی تێچووی ڕاستی ( التكلفة الفعلية ) فرۆشرا بە کڕیارەکان، بەشێوەیەك ئەو بازاڕانە هیچ قازانجێکیان نەدەکرد لە فرۆشتنی ئەو کارتانەدا، لەم حاڵەتەدا جیاوازیەکی هەیە لەحاڵی دوەم لە ڕووی حوکمەوە کە هەندێك پێیان دروستە، بەڵام باشتر وایە مرۆڤی موسڵمان دوور بکەوێتەوە لە مامەڵەیەك کە شوبهەی حەرامی لێ بکرێت .

سەرچاوە : بڕیاری کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی گرێدراو لە ( الرابطة العالم الإسلامي ) مجمع الفقه الإسلامي التابع لرابطة العالم الإسلامي رقم: (١٠٣) (٢/ ١٨) .